www. RegayKurdistan.com
No: 868
6/1/2010
ڕێگای کوردستان
Concessioner : Kamal Shakir
Editor– in– chief: Handren Ahmad

dwalapere@ regaykurdistan.com

کچە قارەمانی فیلمی ملیۆنێر بێلانە کرا

ڕۆبینا عەلی قورەیشی کچە قارەمانی فیلمی هیندی (ملیۆنێری بی نەوا) کە خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێنا بێنەوا و لانەکرا دوای ئەوەی شارەوانی بۆمبای لە هیندوستان ماڵەکەیان رووخاند.

شارەوانی بۆمبای بە یاوەری پۆلیسی شارەکە ٢٥ کەلاوەیان روخاند لە ناوچەی غەریب ناجار کە بە شاری هەژاران ناسراوە و ماڵی کەس و کاری ڕۆبیناش یەکیك بوو لەو خانوانە چونکە خانوەکان زێدە ڕۆن و لەسەر خاکی شارەوانی بەبێ مۆلەت دروست کرابوون.ڕۆبینای تەمەن ٩ ساڵە رایگەیاند کە تاکو چارەسەرێك دەدۆزنەوە لە ماڵە خزمەکانیان دەژین. جێگای باسە دانی بویلی دەر هێنەری فیلمی ناوبراو دوو شوقەی بە هەردوو منداڵەکە (ڕۆبینا و ئەزهەرەدین اسماعیل) بەخشیبوو وەکو پاداشتی بەشداریان لەو فیلمە و ئەزهەرەدین ئێستا لەگەڵ خانەوادەکەی لەو شوقەیە دا دەژی، بەڵام خێزانی ڕۆبینا کێشەیان لەگەڵ ژمێریارەکاندا هەیەو باوکی ڕۆبینا داوای کردوە کە شوقەیەکیان بۆ بکرن نرخەکەی ٤ ملیۆن روپیەیە (نزیکەی ٨٥ هەزار دۆلار) نەك ئەو شوقەیە کە نرخی ٢٠٥ ملیۆن روپێیە. لەو فیلمەدا ڕۆبینا ڕۆلی سەرەکی ئەکتەری ئافرەت دەبینێ کە ناوی لاتیکایەو باس لە ژیانی هەژارانی هیند دەکات، و فیلمەکە توانی ٨ خەڵاتی ئۆسکار بەدەست بهێنێ و ٣٨٠ ملیۆن دۆلار داهاتی بوو.

یەکەم منداڵ (١) خولەك دوای ساڵی ٢٠١٠ لە هەولێر لە دایك دەبێت

ڕێگا چالاك

دوای (١) خولەك لە تێپەڕبوونی ساڵی ٢٠١٠ یەکەم منداڵ کە رەگەزی نێرە لە شاری هەولێر لە نەخۆشخانەی ئافرەتانو لە دایك بوون لە دایك دەبێت، ئەو منداڵە خەڵکی گوندی شاخولانی سەر بە شاری هەولێرەوو باوکی ناوی (سەرکەوت عەباس)ەو دایکی ناوی (دلژین هاشم)ە منداڵەکەش تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە باری تەندروستی جێگیرە.

چالاك بلباس

نووشتە لە نێوان منداڵو خەسوەکە

هاوسەرەکەم گوتی دەستە خوشکەکەم پێی راگەیاندم کە باڵا بەژنێکی بۆ منداڵەکەی لە لای ماڵە شێخێك کردووەو دوای چەند ڕۆژێك وونی کردووەو منداڵێك لە بەردەم ماڵە دراوسێکەمان دۆزیتیەوەو هەڵی دەوەتە حەوشەکەیان ژنی ماڵە دراوسێکەشمان کە دەبینێ نووشتەیە، رەنگی هەڵدەپروزێو بۆ ئێوارە دەچێتەوە ماڵی باوکیو دایکو خوشکەکانی تێدەگەیەنێ کە ناکۆکی نێوان خۆیو خەسووی هیچ پەیوەندی بە ئەوەوە نییە، ئەوە خەسوویەتی داوی بۆ دەدانێ تا لە دڵێ پیاوەکەی رەشی بکات، جا بە مەبەستی زانینی ناوەڕۆکی دوعاکە نووشتەکە دەبەنە ماڵە شێخێکی ترو کە نووشتەکە دەکاتەوە شێخ دەڵێ من ئەو جۆرە نووشتانە ناخوێنمەوە چونکە، ئەوە نووشتەنییە بەڵکو لەلایەن جادووکەرەکانی عەینکاوە کراوە، دەبێ بڕوات بە نووشتەی من بێت، سەرەنجام لە گەڕانەوە دەستە خوشکەکەم دەبینن دوای هەواڵ پرسین قسەکان بۆ دەستە خوشکەکەم دەگێڕنەوە، ئەمیش بە خۆی ناوەستێو شینو مۆر دەبێتەوەو ئەوەندەی پێ بکەنێو دراوسێکەشیان لە پێکەنینی دەستە خوشکەکەم تێ ناگەن، تا دواجار پێیان دەڵێ: ئەو نووشتەیەی ئێوەی تەنگەتاو کردووە ئەوە خۆی لەلایەن ماڵە شێخێك کردووە بۆ منداڵەکەیو هیچ پەیوەندی بە خەسووی تۆ نییە، ئیتر دراوسێکەشیان بەم هەواڵە دێتەوە سەر تایمی ئاسایی خۆی.

ئەو بۆقەی گڵۆپەکەی قوت دا!

لە شاری بیتچی سەر بە ویلایەتی فلۆریدا بۆقێکی سەر لێشێواو لە شەوی سەری ساڵدا لێی گۆڕاو پێی وابوو گڵۆپە رەنگاو رەنگەکانی داری کریمیسی لێببووە مێش و مەگەز و لەناکاو زمان درێژ دەکات و گڵۆپێك قوت دەدات و بۆقەکە ئەو شەوە دەبێتە قارەمانی ئاهەنگی سەری ساڵ و سەرنجی ئامادە بووان بۆ لای خۆی رادەکێشێ تا خاوەنی ماڵەکە رزگاری دەکات و گڵۆپەکە لە ناو سکی دەردەهێنێ.

بەدبەخت هەر بەدبەختە

بەند کراوێکی مەکسیکی سەرەتای ئەم ساڵ هەولی هەڵاتنی دا لە و زیندانەی کە تێیدایەو بۆ ئەو مەبەستەش پێی وابوو کە ئەو کەلێنەی لە نێوان سەربان و قەفەسی زیندانەکەی بەشی ئەوە دەکات کە خۆی دەرباز بکات، بەڵام کە چووە کونەکەوە گیری خوارد و ناچار دەستی بە هاوارو دەنگە دەنگ کرد تاکو پۆلیسەکان ئاگادار بکاتەوە و لەو کەلێنە کە تێیدا گیری خواردووە رزگاری بکەن، دەنا دەبوو شەو تا بەیانی سەر بەرەو خوار لەو کەلێنە بەسەر بەرێت!

لای ئافرەتان مۆبایل لە پیاوان لە پێشترە

بەپێی راپرسییەکی نوێ دەرکەوتووە کە ئافرەتان گرنگی زۆرتر بە مۆبایلەکانیان دەدەن نەك خۆشەویستەکانیان.

بەپێی ڕۆژنامەی دەیلی نیوز راپرسییەکە کە چوار هەزار ئافرەتی گرتۆتەوە دەریدەخات کە لە هەر ١٠ ئافرەت دا چواریان بە تەواوی خۆیان بە ماڵ وێران دەزانن لە کاتی ون بوونی مۆبایلەکانیان دا. لە بەرامبەریشدا سێ یەکیان پێیان وایە کە بێ بوونی پیاویش لە ژیانیان دا لە توانایان دایە ژیانێکی خۆش و ئاسایی بەسەر بەرن.بە پێی راپرسییەکە ئافرەتان بەپلەی یەکەم دایکیان بە گرنگترین شت لە ژیانیان دا دەزانن و دووەم شتیش ویچنەکانەو ئینجا مۆبایلەکانیان و دواتریش پیاو دێ. بە پێی ئەو راپرسییەی ماڵپەری بۆرۆ "خۆشەویست" پلەی پێنجەمە لای کچان و دوای ئەو ئەنگوستیلەی ئەڵماس و ئینجا ئاژەڵی ماڵی و لابتۆپ وسەرتاش بە دوای دا دێن.

تاوەری دوبەی بەرزترینە لە جیهاندا

رۆژی دووشەممە تاوەری دوبەی وەکو بەرزترین تاوەر لە جیهاندا دەکرێتەوە و لە ئاهەنگی کردنەوەشدا چەندین چالاکی هونەری پێشکەش دەکرێ. لەوانەش گەمەی ئاگرین و نمایشی روناکی و ئاوی و موزیکی کە تێیدا چیرۆکی دروستبوون و قۆناغە جیاوازەکانی دروست کردنی ئەم تاوەرە دەگێڕێتەوە.بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی بنیات نانی ئەم تاوەرە چەندین پسپۆری فەرەنسی و بەریتانی ئەمریکی بەشداریان کرد ، شایانی باسە بەرزی ئەم تاوەرە ٨٠٠ مەتر زیاترە لە ١٦٠ نهۆم پێك دێت کە زۆرترین ژمارەی نهۆمە لە یەك باڵەخانەی جیهاندا.

کیمیای ژینگە پیسبوونی ئاو هەوا، لەلایەن پرۆفیسۆر دکتۆر عەزیز ئەحمەد ئەمینەوە نوسراوە.

دیوانا مەلامحەمەدی سەیدا. سەید جەلال نیزامی ئامادەی کردووەو کۆی کردۆتەوە.



راپەڕینی شاری هەولێر لەساڵی ١٩٩١دا، توێژینەوەی مێژوویی ساسییە، هۆشمەند مەحمود نووسیویەتی.

داستانی هەیاسی خەس و سوڵتان مەحمود، لەدوو توێی فۆلکلۆری کوریدا، محەمەد ساڵح سەعید نووسیویەتی.

امیر امراء کردستان ابراهیم باشا لەساڵانی ٨٤٥-١٩٠٨ نوسیویەتی، توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی بەزمانی عەرەبی أ . د عەبدالفتاح علی البوتانی- علی صالح امیرانی کردویانە.